- ماج کردنی سەدام حوسەین لە بەرچاوی تەلەفزیونەکانی جیهاندا پاش راپەرینی سالی 1991 جێگای سەرسورمانە و نیشان دەدات ڕەوشەک سیکولوژی کوون و مەترسیدارە کە سەرکردەکانی کورد توشبوونە، لە ناو ئەم حالەتە عەقلیان بەند ببوو بە وەهمی کەلابچەی دەسەلاتی دکتاتوری بەغدا کە لە حالەتی دارمان بوو، هیچ باوە بە کەرامەتی گەلکەیان بەر چاو نەگرت، ریگا بە خویان نەدەدا چارە سەرێکیتر نوێ و جودا لە رفتاری سیاسی رابردوو، هەر رێگای گەرانەوە بو باوەشی سەدام هەلبژارد. نەیان توانی بە هزرێکی نووی چارەسەرەکی دیبلوماسی نیودەولەتی بدوزنەوە ، بەبەز و لەز چوون بو بەغدا سەدام ماچ کەن. ئەم سەرکردانەی کورد ئەمانە بوون: جەلال تالەبانی، مەسعود مەلا مستفا، نیجیرفان ادریس، کوسرەت رەسول، محەمەد مەحمود عەبدالرەحمان (سامی) فرەیدون عەبدالقادر، نەوشیروان مستەفا، روژ نوری شاویس، مەلا بەختیار، سەعدی بیرە، فازل میران، ئازاد نەجیم، رەسول مامەند، ئەرسەلان بایز. هەر ئەمانەش بوون گەلەکەمان خستە ناو ئاگری شەرمەندەی شەری ناوخوو ، حکومەتی جمهوری اسلامی ایران یارمەتی جەک بە هەردوکیان دەدا : (پدک) و (ینک) ئەم شەرە هیچ لایەن سەرکەوتو نەبو، هەر شکەستنی گەلی کورد بوو. وپاشان کەوتنە ناو پەیمانەکان لە گەل سەدام حسین، بە تایبەتی (سەروکی پدک، کە لە هەمو سەرکردەکانیتر نێزیک بوو لە سەدام حەسەین تا رژێمی رووخا لە سالی 2003.